وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی دادی دەری دەکات

ژمارە (٢٨٨) ساڵی بیست و دوو ١٦/ ئاب / ٢٠٢٢/ زاینیی ٢٥/ خەرمانان / ٢٧٢٢/ کوردی ١٨/ محرم / ١٤٤٤ کۆچی

288

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ لا ١

یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ لا ١١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧

ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی لا ١٢

ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی (کارگەی بەرهەمە گیایی و سروشتیەکان)لە هەرێمی کوردستان- عێراق

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ لا ٢٢

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە لا ٢٦

ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی

بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ لا ٢٥

ترازاندن و لکاندنی گوندی (گۆزلینگە)

بەیانی (١٧ – ١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لا ٣١

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فڕۆکەخانەی نوێ - باڵەخانەی وەزارەتی دادی
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٨٨) السنة الثاني و العشرون ١٦/ آب / ٢٠٢٢ ميلادي ٢٥/ خەرمانان / ٢٧٢٢ / كوردي ١٨/ محرم /١٤٤٤هجري

288

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

القانون رقم (٩) لسنة ٢٠٢٢ ص ٣٢

قانون السياحة في إقليم كوردستان - العراق

القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٢ ص ٤٠

قانون التعديل الأول لقانون النفط والغاز لإقليم كوردستان - العراق رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة ص ١٢

تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٢٢

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ هيئة حماية وتحسين البيئة ص ٢٦

بيان رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٢٥

بيان رقم (١٧ - ١٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية ص ٣١

No. 288 Date: August , 16 , 2022 Vol.: 22

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

بڕیاری ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٢ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢
یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم: وەزارەت: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

چوارەم: وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

پێنجەم: دەستە: دەستەی گەشتوگوزار.

شەشەم: سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار.

حەوتەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

نۆیەم: گەشتوگوزار: گەشت و گوزارکردنی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکە بۆ ماوەیەکی کاتی، بە مەبەستی حەوانەوە، چێژوەرگرتن، پشوودانی دەروونی یان جەستەیی، بینینی شوێنەوار یان هەواری مێژوویی یان شوێنی ئاینی یان دیمەنی سروشتی، وەرزشکردن، چارەسەری تەندروستی یان هەر بابەتێکی دیکەی هاوشێوە.

دەیەم: ناوچەی گەشتیاری: هەر شوێنێک کە بۆ مەبەستی گەشتیاریی بگونجێت، چ سروشتی بێت یان دروستکراو، مووڵکی گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ بێت.

یازدەیەم: دامەزراوەی گەشتیاری: کۆمپانیا، نووسینگە و بریکاری گەشتیاریی دەگرێتەوە، کە گەشت ڕێکدەخەن یان خزمەتگوزاری و چالاکی گەشتیاریی بەڕێوەدەبەن، گشتی بن یان تایبەت یان تێکەڵاو بێت.

دوازدەیەم: گەشتیار: کەسێکی سروشتییە، هاونیشتیمانی بێت یان بیانی، کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی گەشتیاریی، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ مەبەستی گەشتیاری.

سێزدەیەم: پڕۆژەی گەشتیاری: هەر پرۆژەیەکی بواری گەشتوگوزار، کە لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ئەنجامدەدرێت، گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ بێت.

چواردەیەم: وەبەرهێنانی گەشتیاری: بەگەڕخستنی سەرمایەی مرۆیی و دارایی، لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، بۆ بونیادنان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم.

پازدەیەم: چالاکی گەشتیاری: ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لە شوێنە گەشتیارییەکاندا لەلایەن دامەزراوە گەشتیارییەکانەوە یان لەلایەن گروپ و کەسانی تردوە ئەنجام دەدرێن.

شازدەیەم: ڕێنوێنیکاری گەشتیاری: ئەو کەسەیە کە لەلایەن دەستەوە مۆڵەتدراوە و ئەرکی ڕێنوێنیکردنی گەشتیاران لەئەستۆ دەگرێت.

ماددەی (٢): ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە:-

یەکەم: ڕێکخستنی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم، بەجۆرێک ڕۆڵی ئابووریی و ژیاریی و ڕۆشنبیریی ژینگەیی خۆی بەرجەستە بکات، لە ئێستا و لە داهاتوودا.

دووەم: پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی، کارکردن بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ڕۆشنبیری و کلتوری و فەرهەنگییەکان، و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ، و هاندانی سەرمایەگوزاریی نیشتیمانی و بیانیی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیارییدا.

سێیەم: ڕێکخستنی هەماهەنگی و کاری تەواوکاری لەنێوان دامەزراوە حکومی و ناحکومییە ناوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندیدارەکاندا بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی گەشتیاریی هەرێم.

ماددەی (٣):

یەکەم: بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە، دەستەی گەشتوگوزار ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:-

١- دانانی پلانی ستراتیجی و بەرنامەی ساڵانەی تایبەت بە گەشتوگوزار، و گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان وجێبەجێکردنی، دوای پەسەندکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە.

٢- دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسازیی مۆدێرن و گەرەنتی ڕەچاوکردنی لە پڕۆژە گەشتیارییەکاندا، و ئامادەکردنی سیستەمی پۆلێنکردنی دامەزراوە و پڕۆژە گەشتیارییەکان بەپێی ستاندارد نێودەوڵەتییەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣- پێدانی مۆڵەتی کارکردنی شوێن و دامەزراوە گەشتیارییەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٤- پێدانی لاینەبوون بۆ دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاری بەپێی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم و پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پڕۆژە بچوکەکانی بواری گەشتیاری کە بە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەژمار ناکرێن، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥- چاودێریکردن و پشکنینی شوێنە گەشتیارییەکان و ئاراستەکردنیان بۆ چاککردنی جۆرێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و پەرەپێدانی چالاکیی گەشتیاری، لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

٦- ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا، ئەوانەی بنەماکانی سەرنجڕاکێشانی گەشتیارانیان تێدایە، بۆ هەر بواریکی دیکە جگە لە پڕۆژەکانی بواری گەشتیاری.

٧- بڕیاردان لەسەر دانانی چالاکییە گەشتیارییەکانی هەرێم وەک بڕاندێکی نێوخۆیی و ڕێکخستنی کەرنەفاڵە گەشتوگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی ڕێنماییەک کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

٨- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری و ئامادەکردنی ڕێبەری گەشتیاری پەڕاوێی و ئەلکترۆنی لە شێوەی (ئەپلیکەیشن)، تایبەت بە شوێن و پڕۆژە گەشتیارییەکانی هەرێم.

٩- دامەزراندنی ناوەندی پسپۆڕ، و هاندان و پێشنیازی کردنەوەی پەیمانگە و ناوەند بۆ ڕاهێنانی کارمەندانی بواری گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

١٠- بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوە گەشتیارییە جیهانییە تایبەتمەندەکان و کۆنفرانس و بۆنە و پێشانگە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە چالاکی گەشتیاریی، دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

١١- دامەزراندنی نووسینگەی زانیاریی و گەشەپێدانی گەشتیاریی لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و شوێنە پێویستەکانی دیکە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، و بەکارهێنانی شێوازە هەمەڕەنگەکانی ڕیکلام بە مەبەستی ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان.

١٢- ئامادەکردن و پێشنیازکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم.

١٣- کارکردن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ شوێن و ناوچە گەشتیارییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١٤- هەر ئەرکێکی دیکەی هاتوو لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێم، پەیوەست بە چالاککردن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

دووەم: دابەشکردن و پۆلێنکردنی ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە، بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێت کە وەزیر پشتبەست بەم یاسایە و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری بەرکار لە هەرێم، دەریدەکات.

ماددەی (٤) :

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیازی وەزارەت، کۆمپانیای گشتی یان تێکەڵاو لە بواری گەشتوگوزاریی، بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم، دابمەزرێنێت.

دووەم: ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییان دەبێت، و پێکهاتە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

ماددەی (٥) :

یەکەم: پۆلێنکردنی تایبەتمەندی دامەزراوە گەشتیارییەکان و مەرجەکانی مۆڵەتی گەشتیاریی و دەستبەرداربوون لە مۆڵەت، بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

دووەم: دامەزراوەی گەشتیاریی بە مۆڵەتی دەستە پیادەی کار و چالاکییەکانی دەکات.

سێیەم:

١- داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی دامەزراوەی گەشتیاریی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت.

٢- ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە (٢) دوو ساڵە و شیاوی نوێکردنەوەیە.

چوارەم: دەستبەرداربوون (تنازل) لە مۆڵەتی دامەزراوەی گەشتیاری بۆ دامەزراوەیەکی دیکە تەنها بە ڕەزامەندی دەستە دەبێت.

ماددەی (٦) :

دامەزراوەی گەشتیاری پابەند دەبێت بە:-

یەکەم: پیادەکردنی چالاکییەکانی بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراو لە مۆڵەتەکەیدا.

دووەم: پێدانی زانیاری لە ڕێگەی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکانەوە بە دەستە، دەربارەی پلان و پڕۆگرامە گەشتیارییەکانی پێش جێبەجێکردنیان.

سێیەم: پێدانی زانیاری بە دەستە، دەربارەی گەشتیاران و هەر زانیارییەکی دیکە کە پەیوەندیدار بێت بە گەشتوگوزار، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە، ئەگەر دەستە بە نووسراو داوای بکات.

چوارەم: ئاسانکاری بۆ مەبەستی چاودێری و پشکنین.

پێنجەم: بەگەڕخستنی دەستی کاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەک کە لە (٧٥%) حەفتا و پێنج لە سەد کەمتر نەبێت، جگە لەو پڕۆژانەی کە پێویستی بە پسپۆڕیی تایبەت و دەستی کاری شارەزا هەیە بەمەرجێک لە هەرێمی کوردستان بوونیان نەبێت.

شەشەم: هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت، یان دەستە لە گرێبەستی نێوانیاندا زیادی دەکات.

ماددەی (٧) :

یەکەم: ناوچەی گەشتیاری دەستکرد و بونیادنراوەکانی سەر ناوچەی گەشتیاری سروشتی بە مۆڵەتی دەستە دادەمەزرێت، و مەرجەکانی مۆڵەتی شوێنی گەشتیاریش بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

دووەم: داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی شوێنی گەشتیاریی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت.

سێیەم: شوێنە گەشتیارییەکان پابەند دەبن بە ئاسانکاریی بۆ مەبەستی چاودێری و پشکنین.

ماددەی (٨) :

یەکەم: پیادەکردنی کاری ڕێنوێنی گەشتیاریی بە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دەستەی گەشتوگوزار دەبێت، مەرجەکانی مۆڵەتیش بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

دووەم: ڕێنوێنیکاری گەشتیاریی پابەند دەبێت بە:-

١- پیادەکردنی کاری ڕێنوێنکاری بەو مەرج و ڕێکارانەی لە مۆڵەتەکەیدا هاتووە.

٢- پیادەکردنی ڕێسا پیشەییەکانی کاری ڕێنوێنکاری.

٣- هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت.

ماددەی (٩) :

یەکەم: ماف وئەرکەکانی گەشتیار، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکان، پارێزراو دەبێت.

دووەم: دەستە ڕێوشوێن بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەشتیار لە بەرامبەر دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکاندا دەگرێتەبەر.

سێیەم: ئەگەر هەمان جۆری چالاکی گەشتیاری لەلایەن زیاتر لە یەک دامەزراوەی گەشتیاری ئەنجام درا، ئەوا سەرجەمیان پێکەوە بەرپرسن لە قەرەبووکردنەوە بەرامبەر هەر هەڵە یان سەرپێچییەک کە زیان بە گەشتیار بگەیەنێت و دەرئەنجامی کاری هاوبەشی ئەو دامەزراوانە بێت.

ماددەی (١٠) :

یەکەم: بینینی داوای شارستانی (مدنی) لە بواری گەشتوگوزار و یەکلایی کردنەوەیان، لەلایەن دادگاکانەوە سیفەتی بەپەلەی پێدەدرێت.

دووەم: لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە، هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دادەمەزرێت، و ئەرکیان پاراستنی گەشتیار و ناوچە گەشتیارییەکان دەبێت.

ماددەی (١١) :

دامەزراوەی گەشتیاری بە داخستنی کاتی و پێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٥) و ماددەی (٦)ی ئەم یاسایەی کرد، یان زانیاریی و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

ماددەی (١٢) :

یەکەم: دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، بۆ هەر ڕۆژێک دواکەوتن لە نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

دووەم: ئەگەر دامەزراوەی گەشتیاریی ماوەی زیاتر لە (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر نوێ نەکردنەوەی مۆڵەتەکەیدا بەبێ پاساوی ڕەوا تێپەڕی، ئەوا سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، دوای ئاگادارکردنەوەی، نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ دوادەخرێت و ئەگەر هەر پابەند نەبوو بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت مۆڵەتەکەی دوادەخرێت، و لەو ماوەیەدا ڕێگەی کارکردنی پێنادرێت.

ماددەی (١٣) :

هەر یەک لە دامەزراوەی دەستبەردارىوو و دامەزراوەی دەستبەردارىۆکراو بە پێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر دەستبەردارىوونەکەیان بە پێچەوانەی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە، ئەنجامدا.

ماددەی (١٤) :

ناوچەی گەشتیاری بە داخستنی کاتی کە لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێک کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، سێیەم)ی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایەی کرد یان زانیاریی و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد .

ماددەی (١٥) :

یەکەم: ڕێنوێنیکاری گەشتیاری بە پێبژاردنێک کە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەی کرد یان زانیاری و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

دووەم: ڕێنوێنیکاری گەشتیاریی بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، بۆ هەرجارێک کە سەرپێچی پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٨)، بکات.

ماددەی (١٦) :

یەکەم: لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی (١١، ١٣، ١٤، ١٥)ی ئەم یاسایە، بڕی پێبژاردنەکان دەبنە دوو هێندە.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەوا بەپێی قەبارەی سەرپێچییەکە، مۆڵەتەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگیرێت یان هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی (١٧) :

یەکەم: سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت، دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی هاتووی لەم یاسایەدا هەیە، پشتبەست بە ڕاسپاردەی لیژنەیەک کە دەستە یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ئەو مەبەستە دروستیدەکات.

دووەم: بڕیارەکانی سزادان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری پێڕاگەیاندنیان، یارای تانەلێدانن لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم.

ماددەی (١٨) :

سەپاندنی سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، ڕێگر نییە لە سەپاندنی هەرسزایەکی دیکەی هاتوو لە یاسای سزاکانی بەرکار لە هەرێم.

ماددەی (١٩) :

یەکەم: بڕی ڕەسمی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی پیادەکردنی کاری دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکان و ڕێنوێنکاری گەشتیاری، بەپێی پەیڕەوێک دیاریدەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

دووەم: (٣٠%) لەسەدا سی بڕی داهاتی بەدەستهاتوو بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بۆ مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری تەرخان دەکرێت.

ماددەی (٢٠) :

مەرج و خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو شوێنە گەشتیارییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەلایەن وەزارەتەوە بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێن.

ماددەی (٢١) :

یەکەم: دوای لارینەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، زەوی کشتوکاڵی بۆ پڕۆژەی گەشتیاری، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان، دەکوژێندرێتەوە.

دووەم: بەدەر لە زەویە کشتوکاڵییەکان، وەزارەت دەتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، هەر زەوییەکی تر بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان، تەرخان بکات.

ماددەی (٢٢) :

یەکەم: خاوەنی ئەو زەوییانەی مولکی تەواون (ملک صرف)، دەتوانن بە ڕەزامەندی دەستە پڕۆژەی گەشتیاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابمەزرێنن، بەڕەچاوکردنی پێگەی جوگرافی و لە چوارچێوەی سیاسەتی گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم.

دووەم: خاوەنی مافی ڕەفتارپێکردن لەسەر ئەو زەویانەی مولکی دەوڵەتن، بەدەر لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٨)، لەسەر ڕووبەرێک کە لە (٢٠%) بیست لەسەدی تەواوی ڕووبەری زەویەکە تێپەڕ نەکات، لەسەر داواکاری کەسەکە و پێشنیازی دەستە، دوای لارینەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن پڕۆژەی گەشتیاری بونیادبنێن، بەرامبەر بەکرێیەک کە بڕەکەی بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیر دیاریدەکرێت.

سێیەم: خاوەنی مافی ڕەفتارپێکردن لەسەر زەویەک کە ڕووبەرەکەی لە (٥) پێنج دۆنم کەمتر، بە هەمان مەرج و ڕێکاری هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، دەتوانێت (٥٠%) پەنجا لەسەدی ڕووبەری زەویەکە بکاتە پڕۆژەی گەشتیاری بەمەرجی پابەندبوون بە پاراستنی پاڕێزراوە سروشتییەکان و پابەندییە ژینگەییەکان.

ماددەی (٢٣) :

یەکەم: دەستە دەتوانێت ئەو زەویانەی کە بۆ مەبەستی گەشتیاری تەرخانکراون، تەنها بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بەکرێ بدات.

دووەم:

١- ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی زەوی و پڕۆژەی گەشتیاری، لە دوای ڕۆژێک لە تەواوکردن یان نۆژەنکردنەوەی پڕۆژەکە، کە پێشتر ماوەکەی لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دیاریکراوە، هەژماردەکرێت، و کرێی ماوەی تەواوکردنی پڕۆژەکەش لەسەر زەویەکە وەردەگیرێت.

٢- ئەگەر خاوەن پڕۆژە دەستی لە پڕۆژەکە هەڵگرت یان نەیویست گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە، ئەوا لە بەکرێدانی ئاشکرادا بەکرێ دەدرێتەوە.

٣-

أ- جگە لە گرێبەستی بانەوانی، گرێبەستەکانی بەکرێدانی شوێن و پڕۆژە گەشتیارییەکان لەلایەن دەستەوە، کە ماوەیان لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر، بۆ یەک جار یارای درێژکردنەوەن، بەو مەرجەی ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوە پێکەوە لە (١٥) پازدە ساڵ تێپەڕ نەکات و بڕی بەرامبەری ڕاستەقینە بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)دا هاتوون، بخەملێنرێتەوە.

ب - ماوە و بڕی بەرامبەر و مەرجەکانی درێژکردنەوە، لەسەر پێشنیاری دەستە و بە ڕەزامەندی وەزیر دیاری دەکرێت.

ماددەی (٢٤) :

یەکەم:

١- دەستە لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە، کە پێکهاتەکەی بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێت کە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە دەریدەکات، لە داواکاری ئەو کرێچیانە دەڕوانێت، کە وەبەرهێنانی گەشتیارییان لەسەر ماڵ و مولکی دەوڵەت بە گرێبەست لەناوچە تازە گەشەسەندووەکاندا کردووە، و پڕۆژەکانیان مایەی خۆی ناهێنێتەوە و داوای لێخۆشبوون لە کرێ دەکەن .

٢- ئەگەر دوای هەڵسەنگاندن، لێژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە داواکارییەکە مەرجی لێخۆشبوونی تێدایە، پێشنیازی لێخۆشبوون لە کرێ بۆ وەزیر دەکات.

٣- وەزیر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچە تازە گەشەسەندووانە بڕیاری لێخۆشبوون تەنها بۆ ماوەیەکی دیارکراو کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، دەدات.

دووەم: دەستە دەتوانێت دوای ڕەزامەندی وەزارەت، ماوەی گرێبەستی پڕۆژە گەشتیارییە بەکرێدراوەکان لە گوندەکان درێژ بکاتەوە، ئەگەر لە ماوەی بەکرێدانەکەدا، دوای جێبەجێکردنی ڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەدی پڕۆژەکە، بەپێی تۆێژینەوەی کەڵکی ئابووری، سەرمایەی پڕۆژەکە بەدەست نەهاتبێت.

ماددەی (٢٥) :

یەکەم: ئەو کەسەی زەوی بە بەرامبەر بۆ تەرخان دەکرێت، مافی هەیە بە ڕەزامەندی دەستە، پڕۆژەکە یان ئەو شوێنە گەشتیارییەی لەسەری دروستکراوە، لەدوای تەواوبوونی بەڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەدی، بەبێ زەوییەکە، بفرۆشێتە کەسانی دیکە، بەمەرجی زیادکردنی (٢٠%) بیست لە سەدی کرێی ساڵانەی زەوی.

دووەم: خاوەنی پڕۆژە گەشتیارییەکان کە لانیکەم (٥١%) لە سەدا پەنجا و یەکی پڕۆژەکانیان دروستکردووە، دەتوانن بە مەبەستی تەواو کردنی پڕۆژەکە، داوای هاوبەش (ادخال شریک) بکەن.

ماددەی (٢٦) :

وەزیر لەسەر پێشنیازی دەستە ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەمانەی خوارەوە دەردەکات.

یەکەم: چاودێری و پشکنینی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

دووەم: کردنەوەی پەیمانگە و ناوەندەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی گەشتیاریی لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

سێیەم: مۆڵەتدانی پڕۆژە گەشتیارییەکان بەپێی سیستەمی دابەشکردنی کات بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوریی.

چوارەم: ئامادەکردنی ڕێبەرە گەشتیارییەکان.

پێنجەم: دیاریکردنی کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی کار و چالاکیە گەشتیارییەکان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا.

ماددەی (٢٧) :

یەکەم: ئەو پڕۆژە و دامەزراوە گەشتیارییانەی دەکەونە ناو پۆلێنکراوی وەبەرهێنانی گەشتیاری، ئەو لێخۆشبوونانە دەیانگرێتەوە کە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بڕیاریان لێدراوە.

دووەم: لێخۆشبوونی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مادەیە، ڕەسمەکانی تایبەت بە پیادەکردنی پیشە ناگرێتەوە.

ماددەی (٢٨) :

پشکەکانی کۆمپانیای (ئینشکێ)ی هاوپشکی تێکەڵ کە (٤٩%) چل و نۆ لە سەدی سەرمایەی کۆمپانیاکەیە و بەناوی وەزارەتی دارایی عێراق تۆمارکراوە بەبێ بەرامبەر بەناوی وەزارەت تۆمار دەکرێت و گواستنەوەی تۆمارەکە لە باج و رسومات دەبوردرێت.

ماددەی (٢٩) :

وەزیر خۆی یان لەسەر پێشنیازی دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددەی (٣٠) :

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٣١) :

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

ماددەی (٣٢) :

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی گەشتوگوزار لە فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم، و ئەو ڕەهەندانەی لە ناساندنی شوناسی شارستانی و کلتووریی ڕۆشنبیری و دەستکەوتی تەلارسازیی گەلی کوردستاندا هەیەتی، و بۆ جەختکردنەوە لە گرنگی پلاندانان و کارکردن لەسەر پیادەکرنی ستراتیجیەتێکی ڕوون بۆ کاراکردنی کەرتی گەشتوگوزار و بەشدرایکردنی لە گەشەپێدانی ئابوری نیشتیمانیدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر
٢٠٢٢/٨/٤

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧

ماددەی (١):

ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەموارەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ئەنجومەنی هەرێمی بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆک.
٢- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ جێگری سەرۆک.
٣- وەزیری سامانە سروشتییەکان/ ئەندام.
٤- وەزیری دارایی و ئابووری/ ئەندام.
٥- وەزیری پلاندانان/ ئەندام.
٦- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ ئەندام.

دووەم: ئەنجومەنی هەرێمی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە، و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکات، و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆک دەنگی لەگەڵداوە.

ماددەی (٢): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٣): کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی (٤): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی دەرچواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچووواندن

لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان - عێراق، و دیاریکردنی میکانزمی گرێدان و دەنگدان تیایدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر
٢٠٢٢/٨/٩

وەزارەتی تەندروستی
ژمارە: ٩٨٣٥ لە ٢٠٢٢/٧/٦

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٢

ڕێنماییی مۆڵەت پێدانی (کارگەی بەرهەمە گیایی و سروشتیەکان و ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی و شێوەی دەرمانسازی و گژوگیایی سروشتی و قوتوبەندکردنی بەرهەمە گیاییەکان) لە هەرێمی کوردستان- عێراق

ماددەی (١): پێناسەکان

بۆهەریەك لە ووشە و زاراوەکان کەدێت لە هەرشوێنێکدا بێت مانایەکی تایبەتی هەیە وەك لە خوارەوەدا هاتووە.

١- **وەزارەتی تەندروستی:-** وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی :** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی دەرمان** (KMCA) لایەنی تایبەتمەند بە ڕێگە پێدان بە هێنان و پشکنین و چاودێری بازاڕی دەرمان لە هەرێمی کوردستان.

٤- **سەندیکایی دەرمانسازانی کوردستان - عێراق**/ بەرپرسە لە پێدانی مۆڵەتی هەموو دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمان /کوردستانی - عێراق

٥- **شێوەی ژەمی دەرمانی:** (Pharmaceutical Dosage Form) دواین شێوەی ئامادەکراوی دەرمانە بۆ بەکارهێنان لە لایەن بەکار هێنەرانیەوە کە لەدەرمانی گیایی و ڕووەکی یان ئامادەکراوی ڕووەك یان ئامادەکراوی سروشتی یاخود بەرهەمی کیمیایی پێکدێت لە شێوەی خەپلە یان کەپسول یان هاڕاوە یان دەنکۆڵە یان گیراوە بە هەموو شێوەیەك یان بۆیە یان فتیل یان مەرهەم یان کرێم یان موشەمای پێست یان پرژێن.

٦- **ڕووەکی سروشتی پزیشکی** : (Herbal Plant) هەمو ئەو ڕوەکانەیە چ بە تەڕی یان وشکی بێت پێکهاتەکەی ماددەی کیمیای سروشتی و کاریگەری فیسیۆلۆژی یان دەرمانی هەیە بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردن یان چارەسەر یان بەرگری کردن و خۆپاراستن لە نەخۆشی بەمەرجێك ڕووەکەکە وەکو خۆی بێت هیچ جۆرە کرداریکی چندراو ، هاڕدراو ، پاڵاوتن ، گوشراو ، پارچەکردن ، دلۆپاندن ، یاخود چڕکردنەوەی بەسەردا نەهاتبێت.

٧- **بەرهەمی سروشتی** :(Natural Product) ئەو مادەییە کە دەرهێنراوە لەڕووەك ، یان ئاژەڵ و گیانداران یان کانزاکان، یان وردبینە زیندەوەرەکان ،یان گیانەوەرە دەریاییەکان،دەشێت تەڕ یان وشك بێت ، وەبەکاردەهێندرێت بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی یان خۆپاراستن یان چارەسەری سروشتی مرۆڤ ، وەبنچینەکانی مولەت پێدانی بەرهەمە ڕووەکیەکانی بەسەردا جێبەجێ دەبیت .

٨- **ئامادەکراوی ڕووەکی** :(Herbal Preparation) ئەو مادەیەیە کە چنراوە یان هاڕدراوە یان پاڵاوتە یان بۆیەیە یان ڕۆنی ڕووەکییە یان چرێشە یان کرێم یان گوشراوە یاخود دووگیا یان زیاتری تێکەڵ کراو کە ناونراوە(دەرمانی گیایی)....هتد کەبەهۆی کرداری پارچەکرن یان تەکنیکی تایبەت یان دڵۆپاندن و چڕکردنەوە بەدەست هاتووە وە ئەتوانێت وا دابنرێت کە ئامادەکراوی ڕووەکی هەموو مادەی چالاکەکانی بنوێنێت کەچارەسەری تێدایە جا گرنگیەکەی زانرابێت یان نا.

٩- **شوێنی فرۆشتنی گژوگیای سروشتی :** شوێنێکی تایبەتە بە فرۆشتنی گژو گیای سروشتی بە ووشکی یان تەڕی بەبێ شێوەی دەرمانی یان نەبوونی هیچ سیفەتێکی چارەسەری بۆ ئەو گیایە ، بەڕێوە دەبرێت لە لایەن کەسێك کەوا بڕوانامەکەی(کەمتر نەبێت لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و شارەزایی هەبێت لە گژوگیای سروشتی)

١٠- **شوێنی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی:-** دامەزراوەیەکی تایبەتە بە ڕووەکی پزیشکی و ئامادەکراوی ڕووەکی پزیشکی (تەواوکەری خۆراکی)یان دەرمانی تێکەڵکراو کە بنەڕەتێکی ڕووەکی هەیە بەڕێوە دەبرێت لەلایەن دەرمانسازێکی ڕێپێدراو لە سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان.

١١- **شوێنی دەرمانسازی :-** کارگەی دەرمان و ناوەندی شیکردنەوەی دەرمان و نوسینگەی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی دەرمان و کۆگای دەرمان و دەرمانخانەکان لە خۆ دەگرێتەوە کە ڕێگە پێدراوبن بەپێی یاسای سەندیکای دەرمانسازان.

ماددەی (٢):

هاوردەکردن و هەناردەکردن و دروست کردن یان ئامادەکردن وئاڵوگۆرکردنی ڕووەکی پزیشکی یان ئامادەکراوی ڕووەکی یان بەرهەمە پزیشکیەکان یان شێوە ژەمی دەرمانیەکانی کە لێی پێکهاتووە ئەبێت بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١٦)ی وەزارەتی تەندروستی بێت .

ماددەی (٣):

وەزارەتی تەندروستی - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / مۆڵەتی کارکردن بەو شوێنانە دەدات کە لەماددەی (١) ئاماژەی پێکراوە .

ماددەی (٤):

مۆڵەتی کردنەوەی کارگەی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی و ئامادەکراوی پزیشکی قوتوبەندکراو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی یاسایی لە گرتنە بەری بەدەست هێنانی کارگەی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی ، کە قوتوو بەند دەکرێت لە ڕووەکی پزیشکی بەمەرجێك ناسنامەی تایبەت بە ڕووەکەکە بە شێوەیەکی دیار لە ناو قوتوبەندەکە یان هەڵگری ڕووەکەکە هەبێت ئەم مەرجانەی پێویستە:

١- ئەو لایەنەی کە بە نیازە مۆڵەتی کارگەی ئامادەکاری ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی قوتوبەندکراو وەربگرێت ، پێویستە داواکاری پێشکەش بە (وەزارەتی تەندروستی- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بەشی ئامادەکراوی ڕووەکی وبەرهەمە سروشتیەکان) بکات بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بەنوسراو لە شارەوانی ، بەڕێوەبەری ژینگە و هەرلایەنێکی تایبەتمەند.
- ڕووپێوی شوێنەکە (گشتی و تایبەت).
- پێشنیارکردنی ڕووپێوی بۆ تەلارەکە و دابەش کردنی ناوەوەی. (Lay Out)
- ناوی هێڵەکانی مەبەست بە بەرهەم هێنانی ئامادەکراو.
- ناوی ئامێر و ئامرازەکانی پێشنیارکراو بۆ بەکارهێنانی لە کارگەکەدا.
- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی ئاوی کارگەکە (ناوەکی و دەرەکی).
- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی هەوای کارگەکە.
- لەماوەی مانگێکدا وەڵامی داواکاریەکە دەدرێتەوە لەمێژووی داواکردنیەوە هاوپێچ لەگەڵ هەموو داواکاریەکانی .

ماددەی (٥):

بۆ بەدەست هێنانی کارگەی دروستکردنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی ، کەپێکدێت لە بەرهەمی پزیشکی یان ڕووەکی سروشتی پزیشکی کە پێویستە قوتوبەند بکرێت، ئەم مەرجانەی خوارەوەی پێویستە.

١- مەرجە گشتیەکان:-

أ-لەکاتێکدا کە تەلارەکە ئامادەبێت لەپێدانی ڕەزامەندی یاسایی لەگرتنەبەری بەدەست هێنانی مۆڵەتی کارگەکە ماوەی نێوان داواکاری بەدەست هێنانی مۆڵەتەکە و ڕەزامەندی پێدانی مۆڵەتەکە بەلایەنی کەمەوە (٦) مانگ دەبێت.

ب- بەدەست هێنانی مۆڵەتی شارەوانی و هەر لایەنێکی تایبەت بەندە بەداواکاری مولەت.

ج- پێویستە ڕسوماتی کارگەکە پشت پێ بەستراو بێت بۆ تەلارو تەواو بێت بۆ هەموو ئەو دەرخراوانە کە لێی دەنوسرێت و ڕێگەنادرێت هیچ چاکسازیەك بگیرێتە بەر لەشوێنەکەدا پێش بەدەستهێنانی مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند لە وەزارەتی تەندروستی

د- دەبێت ژمارەیەکی تەواو هەبێت لە کارمەندی مرۆیی و شارەزای هونەری و زانستی و کردەیی لە شوێنی کارکردن.

٢- مەرجە تایبەتیەکان:

(٢ - ١) توانای مرۆڤی:

أ- بەڕێوەبەری کارگە.

١- پێویستە پزیشکی دەرمانساز بێت دەست بەردار (متفرغ) بێت مۆڵەت داربێت لە پیشەکەی وە ڕەزامەندی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانی هەبێت.

٢- پێویستە پزیشکی دەرمانسازی ئاماژە پێکراو شارەزای کارکردنی بەلایەنی کەمەوە (٣) ساڵ بێت لە پیشەی دەرمانسازی خۆی.

ب- لێپرسراوی چاودێری جۆرایەتی پێش دەست کردن بەکاری بەرهەم هێنان پێویستە:

- پزیشکی دەرمانساز بێت دەست بەردار بێت ومۆڵەتی سەندیکای دەرمانسازانی هەبێت.
- شارەزای کارکردنی بەلایەنی کەمەوە (٣) ساڵ بێت لەبواری خۆی.

ج- لێپرسراوی تاقیگە دەبێت یەکێك بێت لە دەرچوانی(کۆلێژی پزیشکی دەرمانسازی , کۆلێژی زانست /بەشی کیمیا).
د- کارمەندە هونەریەکان پێویستە ڕاهێندراو بن بۆ کارکردن لە کارگەکەدا و بڕوانامەی ڕاهێنانی هەبێت لەیەکێك لەشوێنە باوەڕپێکراوەکان لە وەزارەتی تەندروستی یان خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یەوە.
ز- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بکاتەوە لەکاتی گۆڕینی یان وازهێنانی بەڕێوەبەری هونەری یان لێپرسراوی چاودێری جۆریی یان لێپرسراوی تاقیگەکە لەماوەی تەنها هەفتەیەکدا لەمێژووی گۆڕانکاریەکە.
ر- دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی پیشەیی وەك جل و بەرگ کە بۆ کرێکارەکان گونجاوبێت وچاودێری کردنی پاك و خاوێنی گشتی و پابەند بوون بە یاساکانی تەندروستی یەوە وە بڕوانامەی سەلامەتی جەستەیی سالانەیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

(٢-٢)تەلاری کارگە:

- پێویستە کارگەکە لەتەلارێکی سەربەخۆ دابێت و ڕووبەری تەلارەکە لە (٢٥٠٠ م٢) دوو هەزارو پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت و نزیك نەبێت لەشوێنی دانیشتوان و لەو سنورانە نەبێت کە شارەوانی دیاری کردووە بۆ پیشەسازی.

أ- دابینکردنی مەرجەکانی ژینگەیی و تەندروستی گونجاو .
ب- پێویستە بۆیە پۆشیکی ناوەوەی گونجاو کرابێت بۆ ئاسان سڕینەوە و پاکژکردنەوەو بەرگریکردن لەشێ.
ج - پێویستە زەویەکە و سەربانەکانی سفت بن درز و کەلێنی تێدا نەبن.
د - پێویستە پەنجەرەکانی ناوچەی بەرهەم هێنان کراوە نەبن و نەکرێنەوە بۆ دەرەوە.
ه - دابین کردنی ژمارەیەکی پێویست لەدەست شۆر و تەوالێت بە شێوەیەکی دابڕاو لە ناوچەی بەرهەم هێنان.
و -پێویستە ڕووناکی کارگەکە تەواو گونجاو بێت.
ز - دابینکردنی سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی هەوای تەواو گونجاو بۆ چارەسەری هەوا لە کارگەکەدا.
ح - دەبێت بەشەکانی بەرهەم هێنانی بەتەواوی جیاکراوە بێت لە شوێنەکانی تری وە پێویستە ژووری ئامادەکردن دابڕاو بێت لە ژووری لەقوتوونان و لەپاکەت کردن .
گ - دەبێت نوسینگەی بەڕێوەبەر و بەشەکانی خزمەتگوزاری (چاکسازی ، پشوودان ، ژووری ئاڵوگۆڕی جلوبەرگ) و کۆگای هەڵگرتن جیاکراوە بن.
ی - پێویستە سیستەمی ئاوەڕۆی هەبێت.
ك - مادده خاوە سەرەتاییەکان لە قوتووی گونجاو و لێبڵ کراو دا دادەندرێت کە بە ئاشکرا لێی نووسرا بێت بە پێویستیەکانی ناسینەوەی و دڵنیایی هەڵگرتن و پارێزگاری کردن لە کۆگایەك دا کە ئامادە کراوە بۆ پێشوازی کردن لەمادەی خاوی سەرەتایی.

ل - پێویستە بەرهەمەکان بە شێوەیەکی سەلامەت هەڵبگیرێت لە کۆگای پێشوازی کردن لە بەرهەمی کۆتایدا و لێبڵ بکرێت بە کارتێکی ڕەنگ تایبەت کە وا بگەیەنێت کە پێویستە تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت هەتاکو ئەو کاتەی پەسند دەکرێت یان دەگێردرێتەوە لەلایەن چاودێرانەوە ئەگەرنا لەناودەبرێن بەپێی پێوەرەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهان.

(٢-٣) ئامێرو ئامرازەکان :

- دابینکردنی ئامێر و ئامرازی گونجاو لەهەموو بەشەکانی بەرهەمهێنان دا بەشێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پراکتیکی بەرهەمهێنانی باش دا. (GMP)
- پێوەرەکانی چاودێری وچاکسازی خولی (دەوری) بۆ ئامێرەکان لەشوێنی بەرهەمهێنانەدا ڕەچاوبکرێت هەروەها چاودێری کۆگاکان بکرێت بۆ دڵنیابوون لەگونجاوی بەرکارهێنانی.
- پێویستە هەموو ڕووەکانی دەرەوەی ئامێرو ئامرازەکان بەرگری کاربێت بۆ هەڵمژینی هەر مادەیەك یان کارلێککردن لەگەڵیدا وە پێویستە بەردەوام پاك بن.

(٢-٤) تاقیگەکان

ا- پێویستە کارگەکە تاقیگەی ئامادەکراوی هەبێت بە ئامێری پێویست بۆ شیکاری ئامادەکراوەکانی بەرهەمهێنان بۆ دڵنیابوون لەجۆری.

ب- دابینکردنی کارمەندی ڕاهێندراو و ئامادە بۆ ئەنجامدانی شیکاری پێویست.

ج- لەکاتی نەبونی توانای کارگە بۆ ئەنجامدانی هەندێك لەکارەکان دەتوانێت گرێ بەست لەگەڵ تاقیگەی تایبەت و متمانە پێکراوی وەزارەتی تەندروستی دا بکات ئەویش بەئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

(٢- ٥) ئاوو ئاوەڕۆ پاشماوە:

أ- پێویستە سەرچاوەیەکی جێگر بۆ ئاو و کارەبا دابین بکرێت لەگەڵ جێگرەوە بۆ هەر یەکێکیان.

ب- پێویستە سیستەمی چارەسەری ئاوی گونجاو بۆ ئامادەکردنی شێوەی دەرمانی و ئامادە کراوی کارگە کە دابین بکرێت.

ت- پێویستە چارەسەری ئاوی پیس و پاشماوەی شل بکرێت پێش هەناردەکردنی بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستی گشتی.

پ- پێویستە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی ئاگادار بکرێت بەو شێوازەی کە پاشماوەی ڕەقی پێ چارەسەر دەکرێت.

(٢- ٦)بەڵگە و تۆمارەکان:

ا- پێویستە هەموو بەرهەمەکانی کارگە پابەند بێت بە مەرجەکانی تۆماری بەرهەمی ڕووەکی سروشتی پزیشکی لەوەزارەتی تەندروستی .

ب- پێویستە کارگەکە فایلی سەرەکی بۆ ئامادەکراوەکە دابین کردبێت کە ئەمانەی لەخۆ گرتبێت : شێوازی دروست کردن ، شێوازی شیکار کردن ، پێکهاتەی مادەکان.

ج- پێویستە کۆمپانیاکە فایلی بۆ گشت بەرهەمەکان هەبێت لە کارگەکەدا و فایلەکە پێویستە بۆ ماوەی (٥) ساڵ بپارێزرێت لەمێژووی بەرهەمهێنانەوە.

د- پارێزگاری کردن لە بڕوانامەی شیکاری ماددە خاوە سەرەتاییەکانی بەکارهاتوو لە کارگەکەداو هەڵگرتنی بۆ ماوەی (٥) ساڵ .
ە - پێویستە بەڕێوەبەری هونەری کارگەکە و لێپرسراوی تاقیگە واژۆی ماددەی بەکارهاتوو بکەن لە فایلی بەکارهاتووەکاندا بە ڕیزبەندی هەریەکە لەسنوری تایبەتمەندیدا.
و-پێویستە لیستێك هەبێت بەناوی ماددە سەرەکیەکانی پێکهێنەری بەرهەمەکان.

ماددەی (٦):

لایەنی مۆڵەتپێدەر: وەزارەتی تەندروستی لایەنی تایبەتمەندە بە مۆڵەتدان و تۆمارکردنی کارگەکانی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی و قوتووبەندکردنیان.
١- داواکاریەکانی مۆڵەتدان (طلبات الترخیص) دەبێت پێشکەش بکرێت لەلایەن خاوەنی پڕۆژەکە و بەڕێوەبەری هونەری کارگە بە ئیمزای خۆیان دەبێت .
٢- لەکاتی ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر داواکاری یاسایی لە مۆڵەتدانی کارگە ئەوا مۆڵەتی کارگە بەجێ دێت.
٣- ئەم داوا کاریانەش تەنها بۆ کارگە ڕێگە پێدراوەکان دەبێت.

ماددەی (٧):

مەرجی پێویست بۆ مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی (ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی یاخود بەشێوەی ژەمی دەرمانی):
أ- بۆکردنەوی ئەم شوێنانە پێویستە داواکاریەك لەلایەن دەرچووی کۆلێژی دەرمانسازی (دەرمانسازێکی ڕێگەپێدراو) لە لایەن سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانەوە پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی بکرێت بە مەرجێك ئەو دەرمانسازە هیچ دامەزراوەیەکی تر وەك(دەرمانخانە ، کۆگا ، کۆمپانیا)ی بە ناو نەبێت.
ب- ناوی شوێنەکە دەبێتە شوێنی فرۆشتنی (ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی).
ت- ئەو دەرمانسازە بەرپرسیار دەبێت لە کاروباری زانستی و کارگێڕی ئەو شوێنە دەبێت خۆی ئامادە دەبێت لە کاتی کارکردنی ئەو شوێنە .

ماددەی (٨):

مەرجی پێویست بۆ مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی(گژوگیای سروشتی).
أ- بۆ کردنەوەی ئەو شوێنانە پێویستە داواکاریەك پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی بکرێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.
ب- پێویستە داواکار بڕوانامەکەی یەکێك بێت لەمانەی خوارەوە:
١- بڕوانامەی کەمتر نەبێت لە دەرچوانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و خولی تایبەتی بینی بێت لە بواری گژوگیای سروشتی.
٢- داواکار بڕوانامەی تایبەتی هەبێت لە بواری گژوگیای سروشتی لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان پەسەندکراو بێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- داواکار دەرچووی (کۆلێژی پزیشکی ،پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی/بەشی دەرمانسازی) بێت و خولی تایبەتی بینی بێت لەبواری گژوگیای سروشتی بەمەرجێك هیچ دامەزراوەیەکی تری پزیشکی بە ناو نەبێت .

ت- نابێت هیچ جۆرە ئامادەکراوێکی ڕووەکی بفرۆشیرێت جگە لە گژوگیای سروشتی بە ووشکی یان بە تەڕی بە شێوەی سروشتی خۆی بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك.

پ- ناوی شوێنەکە دەبێتە شوێنی فرۆشتنی (گژوگیای سروشتی) .

ماددەی (٩):

ئەو شوێنانەی ئامادەکراون بۆ فرۆشتنی (ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی) ی و(گژوگیای سروشتی) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت .

١- پێویستە ڕووبەری شوێنەکە لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە ئامێرەکانی ساردکەرەوە (سپلیت - ثلاجەی) تێدابێت.

٣- پێویستە لەناوەوەی ژوورەکە (رەف) هەبێت بۆ دانان و هەڵگرتنی بەرهەکان.

٤- هەموو مەرجەکانی پاك و خاوێنی تێدابێت.

٥- هەڵواسینی مۆڵەتی کارکردن لە شوێنێکی گونجاو کە بتواندرێت ببیندرێت.

٦- دووری نێوان دوو شوێنی جیاواز لە (٥٠)مەتر کەمتر نەبێت.

ماددەی (١٠):

مەرجی فرۆشتنی ڕووەکی سروشتی پزیشکی.

بۆ فرۆشتنی ڕووەکی سروشتی لەم شوێنانە پێویستە ئەم مەرجە سەرەکیانە لەسەر پاکەتی ڕووەکەکە هەبێت.

١- پێویستە زانیارییەکانی سەر پاکەتی ڕووەکی سروشتی بە یەکێك لە زمانەکانی (کوردی - عربی - ئینگلیزی) بێت.

٢- نابێت بە هیچ شێوەیەك وێنە لەسەر قوتوو یا پاکێتی ڕووەکی سروشتی هەبێت کە ئاماژە بە چارەسەرکردنی نەخۆشی بدات بەڵام دەتواندرێت بنوسرێت کە بۆچی بەکاردێت.

ماددەی (١١):

مەرجی پێویست بۆ نوسینی ماددەکە لەسەر قوتووی ئامادەکراوە ڕووەکیەکە یاخود شێوەی ژەمی دەرمانی:

بۆ نوسینی ناو و بڕی مادده گیایەکە لەسەر قوتوو یان پاکێتی ئامادەکراوە ڕووەکیەکە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.

١- ناوی زانستی.

٢- ناوی بازرگانی .

٣- ناوی مادده سەرەکییەکان و بڕەکانیان.

٤- ناوی مادده لاوەکیەکان و بڕەکانی.

٥- شێوەی ئامادەکراو وە ئەو بڕەی کە تێیدایە.

٦- (Dosage) وە ڕێگای وەرگرتن و بەکارهێنانی.

٧- Batch No

٨- رێکەوتی دروستکردن و بەسەرچوونی.
٩- هەبوونی(Leaflet) بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ، وە هۆشداری کاریگەری لاوەکی ڕوونی پێکهاتەکان وە (بۆچی بەکاردێت ، چۆن بەکاردێت ، کەی بەکاردێت ، چەند جار لە ڕۆژێکدا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ یان هەفتە یان مانگ) ی بەکارهێنانی بەنوسین لەگەڵیدابێت. وە ئەو کەسە نابێت بەکاری بێنێت ، بۆ نمونە منداڵ ، ژنی سکپر ، پیر ، کەسێك نەخۆشی تری هەبێت.
١٠- ناوی ماددەکە بە زمانێکی زاندراو, (کوردی یان عربی) ، بە فۆنتێکی ئاسان بخوێندرێتەوە ، لەگەڵ ناوی زانستی (Botanical name) لەسەر پاکەتەکە بێت.
١١- گەر بەرهەمەکە لە ماددەیەك زیاتر بێت پێویستە ناوی پێکهاتەکانی بە شێوەیەك) لە زۆرەوە بۆ کەم (Descending Order – تێدا نوسرابێت.
١٢- بڕی ماددەکە (گرام) گەر وشك بوو ، یان قەبارەکەی (میللیلیتر) گەر شلە بوو.
١٣- ناوو شوێنی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە لەگەڵ ژمارەی مۆڵەت و بەرواری مۆڵەت.

ماددەی (١٢):

مەرجە گشتیەکانی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی ڕووەکی سروشتی پزیشکی:

١- نابێت هیچ جۆرە کاری پزیشکی و چارەسەری ئەنجام بدرێت لە شوێنی فرۆشتنی ڕووەکی سروشتی پزیشکی , وەنابێت هیچ جۆرە پڕو پاگەندەیەکی چارەسەری نەخۆش لەسەر ڕووکارو جامخانەی شوێنەکە بنووسرێت.
٢- پێویستە پێکهاتە ڕووەکیەکان لەلایەن (KMCA) هەوە ڕێگەپێدانی هەبێت.
٣- ڕێکارەکانی هاوردەکردنی ئامادەکراوی ڕووەکی وشێوەی ژەمی دەرمانی و ، دانانی نرخ و دابەشکردن وە پشکنین وەکو هەر دەرمانێکی تر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و کۆنترۆلکردنی جۆری (KMCA) دەبێت.
٤- پێویستە ئامادەکراوی ڕووەکی وشێوەی ژەمی دەرمانی وەکو پێکهاتە لەلایەن دەستەی باڵای پەسند کردنی ئامادەکراوی ڕووەکی وشێوەی ژەمی دەرمانی لەوەزارەتی تەندروستی پەسندکرابێت.
٥- هیچ ئامادەکراوێکی ڕووەکی سروشتی و شێوەی ژەمی دەرمانی نابێت بفرۆشرێت یاخود بەکاربهێندرێت تا دوای گەڕانەوەی ئەنجامی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی (KMCA) وە ڕێگەپێدانی (اطلاق الصرف) وەردەگرێت.
٦- دەکرێت ئامادەکراوی ڕووەکی وشێوەی ژەمی دەرمانی سەرەکی (Raw material) بفرۆشرێت بەمەرجێك.
أ- پێناسەی گیا سەرەکیەکە یان مادە خاوەکە (Raw Material) و ناوی بەرهەمەکە وشوێنی ڕواندن و چنینەوەی ، لەگەڵ سیفاتە فیزیاییە ناسراوەکانی بەرهەمەکە بزاندرێت.
ب-تایبەتمەندیەکانی (Raw material Specifications) ماددەخاوەکەی لەسەربێت کەئەمانە دەگرێتەوە :

١ -زۆرترین بڕی شێ. (Moisture Max %)
٢ -کەمترین پێکهاتەی چالاك لەگیاکەدا کە بۆ مەبەستی چارەسەری دیاریکراو بەکاردێت ، بۆ نمونە کەمترین ڕۆنی هەڵچو (Vo Min %) کە لەپلەی گەرمی ژووردا و بەتێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوە.
٧- ئەو کەسەی کە مۆڵەت دراوە دەبێت کارەکانی ئەو شوێنە بەڕێوەببات وە بەرپرس دەبێت لە ڕووی زانستی و یاسایی.

مەرجەکانی مۆڵەت پێدان:

١ -وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بەرپرسە لەپێدانی مۆڵەتی کارکردن.
٢ -بەڵگەنامەی پێویست بۆ کردنەوەی شوێنی (فرۆشتنی ئامادەکراو ڕووەکی سروشتی وگژوگیای سروشتی) بریتییە لە:-
أ- بڕوانامەی دەرچوونی (ڕەسەن) پەسەندکراو بێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو تەکنیکی زانستی یان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
ب- گرێبەستی شوێن (عقد ایجار).
ت- ناوی بازرگانی (دیاریکردنی لەژووری بازرگانی).
ج- ناوی شوێنەکە دەبێت بە (شوێنی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی) یان(شوێنی فرۆشتنی گژوگیای سروشتی).

ماددەی (١٤):

لەلایەن تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی چاودێری و بە دواداچوونی بۆشوێنی مۆڵەتپێدراو دەکرێت وە پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ هەمان مەبەست دروست دەکرێت.

ماددەی (١٥):

فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی و بەرهەمە سروشتیەکان یان شێوەی دەرمانی کە لێی پێك دێت لێی قوتووبەندکراوە لە ڕووەکی پزیشکی لەناوەندەکانی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی و دەرمانخانە مۆڵەتدراوەکاندا چڕدەکرێتەوە.

ماددەی (١٦):

چاودێری لەسەر شێوەی دەرمانی کە پێکهاتووە لە ڕووەکی پزیشکی یان ئامادەکراوی ڕووەکی یان بەرهەمی سروشتی لەدەرمانخانەکان و ناوەندەکانی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی پزیشکی وکۆگاکانی دەرمان دەمێنێ بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی وسەندیکایی دەرمانسازان جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی (١٧):

لە شوێنەکانی فرۆشتنی ڕووەکی سروشتی پزیشکی و گژوگیای سروشتی ڕێگە نادرێت هیچ جۆرە چارەسەرێك بکرێت بەچارەسەری پزیشکی و چارەسەری جێگرەوە (طب البدیل) یشەوە وەکوو (کەڵەشاخ وبرینکاری وزەروو ودەستکاری....هتد).

ماددەی (١٨):

ڕێگە نادرێت لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژوگیای سروشتی گیراوەی ڕووەکی ئامادە بکرێت یان دروست بکرێت و بفرۆشرێت.

ماددەی (١٩):

ڕێگە نادرێت لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژو گیای کوردەواری (عەتارەکان) گیایەکان بە سیفەتی چارەسەری بفرۆشن.

ماددەی(٢٠):

هەموو جۆرە بانگەشەیەکی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی و گژوگیای سروشتی بە ڕێگای (social media , ڕادیۆو تەلەفزیۆن قەدەغەیە.

ماددەی(٢١):

هەموو ئەو بەرهەمانەی بەکاردێت بۆ (دابەزاندن وزیادکردنی کێش، جوانکاری ، لاوازی سێکسی...هتد) قەدەغەیە بفرۆشرێت لە شوێنەکانی (فرۆشتنی گژوگیای سروشتی)ی و لەپەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەی ئۆنڵاین.

ماددەی(٢٢):

کردنەوەی خولی ڕاهێنانی سالّانە بۆ خاوەن بڕوانامەی شوێنەکانی فرۆشتنی (ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی وگژوگیای سروشتی) لە لایەن کەسانی پسپۆڕی ئەم بوارانە دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالّاو توێژینەوەی زانستی(کۆلیژی دەرمانسازی) و وەزارەتی تەندروستی.

ماددەی (٢٣):

کار بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالّی (٢٠١٩) ناکرێت وبە هەڵوەشێندراو هەژمار دەکرێت.

ماددەی (٢٤):

کار بە هیچ ڕێنماییەك نەکرێت کە هاو دژە لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

ماددەی (٢٥):

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان).

سامان بەرزنجی
وەزیری تەندروستی

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە:١٥٩٩٧ لە ٢٠٢٢/٧/٢٧

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیارماندا بە دەرچووواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢
ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی

ماددەی (١):

مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بەپێی ڕێککەوتنامەی ڤییەنا ساڵی ١٩٦٨ تایبەت بە هاتووچۆکردن لەسەر شەقام کە کۆماری فیدراڵی عێراق بە یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١٥ پەسەندی کردووە دەبێت بەپێی نموونەی هاوپێچی پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە.

ماددەی (٢): دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی ئەم لایەنانەی خوارەوەن:

١- بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرانی هاتووچۆی پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە).

ماددەی (٣):

مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ساڵێك تا سێ ساڵ دەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن خاوەن مۆڵەتی شوفێری ناوخۆیی بەرکار بۆ ئەو ماوەیەی کە داوای کردووە بۆ مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

٢- پێدانی بڕی ئەو پارانەی کە لە ماددەی (شەشەم) دیاری کراوە بەرامبەر خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

ماددەی (٤):

لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی جۆری مۆڵەتی شوفێری ناوخۆیی داواکار وەك خۆی دەخرێتە سەر مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی کە لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ ماددەی (چوارەم) جۆرەکانی مۆڵەتی ناوخۆیی دیاری کردووە.

ماددەی (٥):

ئەو مۆڵەتانەی کە تا ئێستا نەگوردراون بۆ سیستەمی نوێی مۆڵەت بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی تەنها ئەم جۆرانەی پێ دەدرێت:

١- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی ماتۆرسکێل) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (A) پێ دەدرێت.

٢- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری تایبەت) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (B) پێ دەدرێت.

٣- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری گشتی) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (B) لەگەڵ (C1) و (D1) پێ دەدرێت

ماددەی (٦):

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی:

یەکەم:

١- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی یەك ساڵ (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

٢- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار.

٣- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٥٠,٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار.

٤- (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار کرێ خزمەت گوزاری مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

٥- لە کاتی وون بوون یان تێچوونی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

دووەم: ئەو بڕە پارانەی کە لە سەرەوە دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری و رێژەیەکی دیاری کراو لەو پارەیە بەپێی بڕیار و رێنماییەکانی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

ماددەی (٧):

لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی ئەگەر خاوەن مۆڵەت (خاوەن پێداویستی تایبەت بێت یان چاویلکە بەکار بهێنێت یان شوفێری گێرئۆتۆماتیك بێت) و لە مۆڵەتی ناوخۆییەکەی ئەو خاڵانە دیاری کرابێت ئەوا گشت ئەو هێمایانەی کە لەسەر مۆڵەتی ناوخۆییەکەی دیاری کراوە بە مۆری تایبەت دەخرێتە سەر مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتیەکەی.

ماددەی (٨):

١- کار بە هیچ رێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە.

٢- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

رێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ

Republic of Iraq
جمهورية العراق - كۆماری عێراق
International Motor Traffic
INTERNATIONAL DRIVING PERMIT
رخصة سوق دولية - مۆڵەتی شۆفێری نێودەوڵەتی

PERMIT No. .....

Convention on Road Traffic of 8 November 1968
ڕێککەوتنامەی هێیەنای نێودەوڵەتی سەبارەت بە هاتووچۆ لە ساڵی ١٩٦٨
اتفاقية فيينا بشأن حركة المرور على الطرق لسنة ١٩٦٨

Valid until .....
Issued by the Directorate General of Traffic
At Erbil – KRI
Date .....
Number of domestic driving permit: .....

Signature of the authority or association issuing the permit
واژووی لایەنی دەرهێنەری مۆڵەت
توقيع السلطة والجهة المانحة للاجازة

This permit is not valid for the territory of:
IRAQ
هذه الرخصة غير صالحة للاستعمال داخل العراق
ئەم مۆڵەتە بەکارناهێنرێت لە ناوخۆی عێراق

It is valid for the territories of all the other Contracting Parties on condition that it is presented with the corresponding domestic driving permit. The categories of vehicles for which the permit is valid are stated at the end of the booklet.

الرخصة صالحة للاستعمال في أراضي جميع الدول المتعاقدة بشرط أن يتم تقديمها مع نظيرتها رخصة السياقة المحلية. فئات السيارات المسموحة بقيادتها حسب هذه الرخصة موجودة في الصفحة الأخيرة من هذا الكتيب.

ئەم مۆڵەتە کارایە لە ناو سنووری گشت ئەو دەوڵەتانەی کە واژوویان لەسەر ڕێککەوتنامەکە کردووە بە مەرجێك مۆڵەتی شۆفێری ناوخۆیی لەگەڵ بێت. جۆرەکانی ئۆتۆمبێلی ڕێگەپێدراو بە پێی ئەم مۆڵەتە لە لاپەرە کۆتاییەکانی ئەم مۆڵەتە دانراون.

This permit shall cease to be valid in the territory of another Contracting Party if its holder establishes his normal residence there.

لا تعد هذه الرخصة سارية المفعول في أراضي الدولة الاخرى المتعاقدة في حال حاز حاملها على الاقامة الأعتيادية على أراضيها.

ئەم مۆڵەتە کارایی خۆی لە دەست دەدات لە سنووری دەوڵەتێکی تری ئەندام لەم ڕێککەوتنامەیە، کاتێك هەڵگری مۆڵەتەکە بەشێوەیەکی ئاسایی نشینگەی تەو وڵاتە بەدەست بهێنێت.

INDICATIONS RELATIVES AU CONDUCTEUR

Nom: ..... 1.
Prénom(s) ou autre(s) nom(s): ..... 2.
Lieu de naissance: ..... 3.
Date de naissance: ..... 4.
Lieu de résidence normale: ..... 5.

CATÉGORIES ET SOUS-CATÉGORIES DE VÉHICULES, AVEC LES CODES CORRESPONDANTS, POUR LESQUELLES LE PERMIS EST VALABLE

Code de la catégorie/Pictogramme	Code de la sous-catégorie/Pictogramme
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

RESTRICTIONS À L'UTILISATION
.....
.....
.....

INFORMATION

1. .....
2. .....
3. .....
4. .....
5. .....

STAMP	STAMP
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

photograph

Signature of the holder .....

DISQUALIFICATIONS:
The holder is deprived of the right to drive
in the territory of ..... until .....
At ..... on .....

The holder is deprived of the right to drive
in the territory of ..... until .....
At ..... on .....

SÜRÜCÜ BİLGİLERİ

SOYADI : ..... 1.
ADI : ..... 2.
DOĞUM YERİ : ..... 3.
DOĞUM TARİHİ: ..... 4.
ADRES : ..... 5.

İZNİNİN GEÇERLİ OLDUĞU İLGİLİ KODLARA SAHİP ARAÇLARIN KATEGORİ VE ALT KATEGORİLERİ

Kategori Kodu / pictogram	Alt Kategori Kodu / pictogram
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

SINIRLI KULLANIM KOŞULLARI
.....
.....
.....

INDICACIONES RELATIVAS AL CONDUCTOR

Apellidos: ..... 1.
Nombres: ..... 2.
Lugar de nacimiento: ..... 3.
Fecha de nacimiento: ..... 4.
Lugar de residencia normal: ..... 5.

CATEGORÍAS Y SUBCATEGORÍAS DE VEHÍCULOS, CON LOS CÓDIGOS CORRESPONDIENTES, PARA LAS CUALES ES VÁLIDO EL PERMISO

Código de la categoría / pictograma	Código de la subcategoría / pictograma
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

CONDICIONES RESTRICTIVAS
.....
.....
.....

驾驶员信息

拟: ..... 1.
名，其他名: ..... 2.
出生地: ..... 3.
出生日期: ..... 4.
常住地: ..... 5.

准驾机动车类别，子类别及相应代号

类别代号/象形符号	子类别代号/象形符号
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

用限制条件
.....
.....
.....


ANGABEN ZUR PERSON DES FAHRERS

Name: ..... 1.
Vorname(n), andere(r) Name(n): ..... 2.
Geburtsort: ..... 3.
Geburtsdatum: ..... 4.
Ordentlicher Wohnsitz : ..... 5.

FAHRZEUGKLASSEN UND UNTERKLASSEN, FÜR DIE DER FÜHRERSCHEIN GILT, MIT DEN ENTSPRECHENDEN BEZEICHNUNGEN

Bezeichnung der Fahrzeug- klasse / Piktogramm	Bezeichnung der Unterklasse / Piktogramm
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

EINSCHRÄNKENDE AUFLAGEN
.....
.....
.....



ЗАПИСИ, ОТНОСЯЩИЕСЯК ВОДИТЕЛЮ

Фамилия: ..... 1.
Имя, другие имена: ..... 2.
Место рождения: ..... 3.
Дата рождения: ..... 4.
Обычное местожительство: ..... 5.

КАТЕГОРИИ И ПОДКАТЕГОРИИ ТРАНСПОРТНЫХ СРЕДСТВ С УКАЗАНИЕМ СООТВЕТСТВУЮЩИХ КОДОВ, НА УПРАВЛЕНИЕ КОТОРЫМИ ВЫДАНО УДОСТОВЕРЕНИЕ

Код категории / Пиктограмма	Код подкатегории / Пиктограмма
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

УСЛОВИЯ, ОГРАНИЧИВАЮЩИЕ ИСПОЛЬЗОВАНИЕ

اطلاعات مربوط به راننده

نام خانوادگی: ..... ۱.
نام: ..... ۲.
محل تولد: ..... ۳.
تاریخ تولد: ..... ۴.
محل اقامت دائم: ..... ۵.

مجموعه‌ها و زیر مجموعه‌های وسایل نقلیه با کدهای مربوطه برای اجازه ورود

کد مجموعه	کد زیر مجموعه
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

محدودیت استفاده

معلومات السائق

اللقب : ..... ۱.
الأسم: ..... ۲.
محل الولادة: ..... ۳.
تاريخ الولادة: ..... ٤.
عنوان السكن الدائم: ..... ٥.

الفئات الرئيسية والفرعية للمركبات ذات الرموز المقابلة لها المصرحة بقيادتها حسب هذه الرخصة

الرمز التخطيطي للفئة الرئيسية	الرمز التخطيطي للفئة الفرعية
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

قيود الأستخدام:

PARTICULARS CONCERNING THE DRIVER

Family name: ..... 1.
Given name, other names: ..... 2.
Place of birth: ..... 3.
Date of birth: ..... 4.
Place of normal residence: ..... 5.

CATEGORIES AND SUBCATEGORIES OF VEHICLES WITH THE CORRESPONDING CODES FOR WHICH THE PERMIT IS VALID

Category code/Pictogram	Subcategory code/Pictogram
A	A1
B	B1
C	C1
D	D1
BE	
CE	C1E
DE	D1E

RESTRICTIVE CONDITIONS OF USE

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە:١٦٨٤٤ لە ٢٠٢٢/٨/٩

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٦) بڕگەی (٣) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و هەردوو نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (٥٧٢) لە ٢٠٢٢/٥/٨ و (٩٨٤) لە ٢٠٢٢/٧/٤ بڕیارماندا بە دەرچووانی ئەم بەیانەی خوارەوە:

بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢

ترازاندن و لکاندنی گوندی (گۆزلینگە)

ماددەی (١): ترازاندنی گوندی (گۆزلینگە) لە سنوری ناحیەی (سمیلان) و لکاندنی بەسنوری ناحیەی (گەڵاڵە) لە قەزای چۆمان .

ماددەی (٢): ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

رێبەر احمد

وەزیری ناوخۆ

دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە

ژمارە:١٢٧٣لە ٢٠٢٢/٨/١

پشت بەست بە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (بیست و یەکەم)و (چل و پێنجەم) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی

بەشی یەکەم

پێناسە و ئامانج

ماددەی (١):

یەکەم: دەستەواژەکان

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

١- **دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

٢- **سەرۆك**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

٣- **لایەنی پەیوەندیدار**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

دووەم: پێناسەکان

١- **ئاژەڵ و باڵندەی کێوی**: بریتین لەو ئاژەڵ و باڵندانەی کە مااڵی نەکراون، لە سروشتدا دەژین و بە بەشێك لە هاوسەنگی ژینگەیی دادەنرێن .

٢- **پاراستنی گیانلەبەری کێوی**: بریتییە لە پاراستنی هەرجۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەکی کێوی لە لەناوچوون و قڕبوون جا بەهەر هۆکارێك بێت، وەك ڕاوی نایاسایی یان تێکدانی ژینگەکەی .

٣- **پارێزراوی سروشتی**: ئەو ناوچەیەیە کە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤی تێدا قەدەغەن یانیش سنوردار کراوە، بەپێی جۆری پارێزراوە سروشتییەکەی بەمەبەستی پاراستنی تەواوی گیانلەبەرو ڕووەکی ناوچەکە لە لەناوچوون .

٤- **ڕێکەوتنامەی سایتس**: ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە ئامانجی پاراستنی جۆری گیانلەبەرو ڕووەکە لە لەناوچوون .

سێیەم: ئامانجەکان

١- پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان لە لە ناوچوون .

٢- پاراستنی ڕەگەزی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و بەخێوکردنیان لە شوێنی حەوانەوەی تایبەت و گونجاو

٣- شێوازی ڕێگەدان بەو کەسانەی کە ئارەزووی بەخێوکردنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکانیان هەیە بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی سایتس .

بەشی دووەم

مەرجەکانی بەخێوکردن

ماددەی (٢): مەرجەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی:

١- وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی لە لایەن فەرمانگەکانی سەر بەدەستە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان .

٢- ئەو شوێنەی کە گیانلەبەرەکە (ئاژەڵ و باڵندەی کێوی) لێ کڕیوە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بوو پێویستە مۆڵەتی ڕەسمی لە دەستە پێدرابێت . هەروەها ئەگەر ئاژەڵ و باڵندەی کێوی لە دەرەوە هاتبێت، ئەوا پێویستە مۆڵەتی فەرمی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو وڵاتەی وەرگرتبێت .

٣- دەبێت پسولەی کڕین و ژمارەی ئاژەڵ و باڵندەکان و جۆریان و ناوی زانستی و ناوی باوی ئاژەڵ و باڵندەکان لە پسولەکەدا هەبێت .

٤- دەبێت ژمارەو ڕێکەوتی مۆڵەتی ڕێگەپێدانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ئەو لایەنانەو دام و دەزگا میرییەی لەسەر بێت، کە ڕێپێدانی بۆ کردووە، هەروەها دەبێ لە پشتی پسولەکەدا لە لایەن شوێنی کڕین بنوسرێت و مۆرو واژۆ بکرێت .

٥- نابێت بەهیچ شێوەیەك ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێت .

٦- دەبێت ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بێت کە لە ڕێککەوتنامەی سایتس ڕێگەی پێدراوە، ناشبێت ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بێت کە بازرگانی کردن و بەخێوکردنیان قەدەغە کراوە .

٧- پێویستە لەلایەن کەسی پسپۆر لە بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری، چاودێری تەندروستی ئاژەڵەکان بکرێت و بەشێوەی نوسراو فەرمانگەکانی ژینگەی لێ ئاگادار بکرێتەوە، دەشتوانرێ سود لە پاشەڕۆی ئاژەڵەکان وەربگیرێت وەکو پەین (سماد) .

٨- لەکاتی زیادبوون یان لەناو چوون پێویستە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لێ ئاگادار بکرێتەوە .

بەشی سێیەم

شوێنی بەخێوکردن

ماددەی (٣):شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی:-

یەکەم: لە ڕووی خۆشگوزەرانی

أ. دەبێت پێش هێنانی یان بەدەستهێنانی مۆڵەت، شوێنی بەخێوکردنیان ئامادەکراوبێت .

ب. بۆ ئاژەڵی کێوی دەبێت شوێنی تایبەت بە بەخێوکردن هەبێت و سنوردارێت و تەلبەند کرابێت، هەروەها پێویستە بە لایەنی کەم (١)کم دوور بێت لە سنوری شارەوانی و (٥٠٠)م دوور بێت لە شەقامی سەرەکی و سنوری گوندەکان، بەڵام بۆ باڵندە کێوییەکان پێویستە بەپێی جۆرو قەبارەی باڵندەکە شوێنی بەخێوکردنی بۆ دابین بکرێت .

ج. هەبوونی جێگایەکی فراوان و کراوە بۆ ئاسانکردنی جوڵەو هەڵسوکەوتی ئاژەڵ و باڵندەکان .

د. چاندن و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ لەوەڕاندن و دابینکردنی ئالیکی پێویست و دابینکردنی گۆشت بۆ ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان کە بەشێوەیەك بێت پێچەوانەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان نەبێت .

هـ. دانانی شوێنی تایبەت بۆ ئاوخواردنەوە بەشێوەیەك كە بە ئاسان پێی بگات و پاك و خاوێن بێت .
و. دابینكردنی شوێنی تایبەت بە باڵندەو ئاژەڵە ئاوسەكان و نەخۆشەكان كە تێكەڵی ئەوانی دیكە نەبن، وە پێویستە شوێنی بێچووی تازە لە دایكبووەكانیش دابین بكرێت .
ز. دابینكردنی كەرەستەی تایبەت بە هەوا گۆركێ و گەرم كەرەوەو سارد كەرەوە لە وەرزە جیاوازەكاندا .

دووەم: لە رووی تەندروستی

أ. دەبێت سەرچاوەی هێنان و جۆرەكانیان دیاری بكرێت و بەڵگەی پێویست و دروستی تایبەت بە كڕین و هاوردەكردن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی هەبێت و نابێت هەڵگری هیچ جۆرە نەخۆشییەك بن .
ب. پێویستە ئاژەڵەكان كۆدی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەمەبەستی چاودێری كردن و بەدواداچوون، چونكە لایەنی ڤێتێرنەری پێویستی بەزانینی ژمارە كۆدی ئاژەڵەكان دەبێت بۆ وەرگرتنی نمونەكانی خوێن و پاشەڕۆ بەمەبەستی پشكنین و تێستی تاقیگەیی .
ج. لەكاتی هەبوونی هەر نەخۆشییەك لە ڕێگەی كەسی سەرپەرشتیارەوە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ناوچەكە ئاگاداربكرێتەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێكاری تایبەت، چونكە ئاژەڵ و باڵندە كێوییەكان تووشی چەندەها نەخۆشی دەبن وەك FMD,BRUOELLOSI S,PPR .
د. سەرپەرشتی كردن و چاودێری كردنی ئاژەڵ و باڵندەكان لە لایەن كەسی پسپۆری ڤێتێرنەری بەمەبەستی چارەسەركردنی ئاژەڵ و باڵندە نەخۆشەكان و زانینی كاتی زاوزێ و كوتان و دەرمان كردنیان .
هـ. نابێت بەبێ پرسی پسپۆری ڤێتێرنەری و دەستە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بگوازرێنەوە .
و. دەبێت لەكاتی لەناوچوونی هەر ئاژەڵ و باڵندەیەك دەستە ئاگادار بكرێتەوە تاكو لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بكاتەوە بۆ ئەوەی توێكاری بۆ بكرێت، بەمەبەستی زانینی هۆكارەكەی و ڕێگری كردن لە تەشەنەو بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەك .

ماددەی (٤):

لەكاتی هەبوونی سەرپێچی لە هەر كام لەو مەرجانەی كە ئاماژەی پێكرا سزای سەرپێچیكار دەدرێت، بەپێی ئەو سزایەی كە لە لایەن دەستە دیاری دەكرێت و مۆڵەتی بەخێوكردن لە كەسەكە وەردەگیرێتەوە

بەشی چوارەم
پێداویستییەكان

ماددەی (٥):

ئەو كەسەی داوای مۆڵەت دەكات پێویستە ئەم پێداویستیانە بهێنێت:-

١- بۆ هاونیشتمانی:

أ. ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی یان كارتی نیشتمانی .
ب. كارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .
ج. دەبێ دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت .

د. دەبێ پشتگیری لایەنی تایبەتمەندی وەرگرتبێت .
هـ. داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی ژینگە دەکات لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .
و. دەبێ پسولەی کڕینی لابێت .
ی. پێدانی بەڵێننامە بە مەبەستی پابەندبوون بە تەواوی یاساو ڕێنماییەکان لە ئێستاو ئایندەدا .

٢- بۆ بیانی:

أ. پاسپۆرت و سەلماندنی کەسایەتی (إثبات الشخصية) لە هەرێمی کوردستان .
ب. کارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .
ج. دەبێ دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .
د. دەبێ پشتگیری لایەنی تایبەتمەندی وەرگرتبێت .
هـ. داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی ژینگە دەکات لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .
و. دەبێ پسولەی کڕینی لابێت .
ی. پێدانی بەڵێننامە بە مەبەستی پابەندبوون بە تەواوی یاساو ڕێنماییەکان لە ئێستاو ئایندەدا .

ماددەی (٦):

١- مۆڵەتەکە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە .
٢- هۆبەی سروشتی لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان ئەرکی پێدانی ئەم مۆڵەتە جێبەجێ دەکەن .
٣- کەسی بەخێوکار دەتوانێت بێچوی گیانلەبەران بفرۆشێت بەمەرجێک هەمان بڕگەکانی ماددەی شەشەم جێبەجێ بکات و کلێشەی پێدانی مۆلەتی پێبدرێت .

ماددەی (٧):

کەسی بەخێوکار لەکاتی هێنانی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی لە دەرەوەی وڵات دەبێت ئەم زانیارییانە پێشکەشی فەرمانگەی ژینگە بکات:

أ. بەڵگە نامەو بڕوانامەی سایتس بۆ تەواوی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان .
ب. ڕەزامەندی ژینگەیی بۆ ئەم بابەتە لە دەستە دوای وردبینی بڕوانامەی سایتس .
ج. ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی فرۆکەخانەکان .
د. ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی وەزارەتی ناوخۆ .
هـ. ناوی ئەو کۆمپانیاو وڵاتەی کە ئاژەڵ یان باڵندەکەی لێ هاوردە دەکات، لەگەڵ ڕێگەپێدانی وڵاتەکە .

ماددەی (٨):

لە ڕێگەی پۆلیسی دارستان و ژینگە دەست بەسەر ئەو باڵندەو ئاژەڵانەدا دەگیرێت کە بەپێی ئەو مەرجانە نین کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە، بەپێی ڕێککەوتنامەی سایتس بە ڕێککەوتنی نێوان دەستەی ژینگەو وەزارەتی ژینگەی عێراق و باخچەی ئاژەڵان، شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت .

ماددەی (٩):

ئەوکرێ و رسوماتەی کە لە چوار چێوەی ئەم ڕێنماییە وەردەگیرێت، وەك داهات هەژمار دەکرێت .

ماددەی (١٠):

تەواوی ئەو کەرەستانەی لە کاتی سەرپێچیدا دەستی بەسەردا دەگیرێت، لە ئەنجامی پابەند نەبوونی سەرپێچیکار بەم ڕێنمایە دەبێتە مولکی دەستە .

ماددەی (١١):

١- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناوچەکە ئەرکی چاودێری کردن بۆ پابەندبوونی بەخێوکاران بەم ڕێنماییە دەگرنە ئەستۆ .

٢- لە کاتی هەبوونی مۆڵەت و ڕەزامەندی ژینگەیی و پشکنینی دروستی بەڵگەنامەکان، پێویستە لە لایەن بازگەکان ڕێگری لە هێنان و بردنی گیانلەبەرەکان نەکرێت .

٣- بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ئەرکی ئاگاداربوون لە ڕەوشی تەندروستی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان دەگرێتە ئەستۆ .

ماددەی (١٢):

دەکرێت سکاڵای یاسایی لەسەر سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییانە بۆ لایەنی قەزایی تایبەت پێشکەش بکرێت .

ماددەی (١٣):

فەرمانگەکانی ژینگە مامەڵە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا دەکەن کە ڕێگە پێدراون بۆ فرۆشتن و مامەڵەکردنی گیانلەبەری کێوی، ئاراستەی فەرمانگەکانی ژینگە دەکات بە مەبەستی دروستی شوێنی کڕین و پسوڵەی کڕین و مەرجەکانی تر .

ماددەی (١٤):

سەرۆکی دەستەو لایەنی پەیوەندیدار ڕەسمی رسوماتی پێدانی مۆڵەت و نوێ کردنەوەی مۆڵەت و سزای سەرپێچی دادەنێن .

ماددەی (١٥):

بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران دەگیرێتەبەر .

ماددەی (١٦):

ئەم ڕێنماییە دوای(٦٠) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

ئەندازیار
عبدالرحمن صدیق
سەرۆکی دەستە

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
ژمارە: ٥٥٠٣ لە ٢٠٢٢/٨/٩

بەیانی
ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی(استحداث) کردنی (هۆبەی چاودێری کۆمەڵایەتی) سەربە قەزای خانەقین بۆ ڕاپەراندنی مووچەی کەمئەندامان و مۆڵەتی بەخێوکەر وەک هۆبەیەکی تایبەتمەند بە کەمئەندامان کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان و خزمەتکردنی زیاتر کەمئەندامان ئەم سنوورە .
٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لەڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

کوێستان محمد عبدالله
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
ژمارە: ٥٦٧٣ لە ٢٠٢٢/٨/١٥

بەیانی
ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سەید صادق) لە ناو سەنتەری قەزای سەید صادق بۆ (چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەید صادق .
٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لەڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

کوێستان محمد عبدالله
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

قرار رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٢

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٧) بتاريخ ٢٠٢٢\٦\٢٢، قررنا إصدار:

القانون رقم (٩) لسنة ٢٠٢٢
قانون السياحة في إقليم كوردستان - العراق

المادة (١) :

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزائها:-

أولاً: **الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: **مجلس الوزراء**: مجلس وزراء الإقليم.

ثالثاً: **الوزارة**: وزارة البلديات والسياحة.

رابعاً: **الوزير**: وزير البلديات والسياحة.

خامساً: **الهيئة**: هيئة السياحة.

سادساً: **رئيس الهيئة**: رئيس هيئة السياحة.

سابعاً: **المجلس**: مجلس إدارة الهيئة.

ثامناً: **المديرية العامة**: المديريات العامة للسياحة في المحافظات والإدارات المستقلة.

تاسعاً: **السياحة**: سفر وتنقل شخص أو مجموعة أشخاص لمدة مؤقتة لغرض الراحة، أو التسلية، أو الاستجمام النفسي أو الجسدي، أو مشاهدة المواقع الأثرية أو الأماكن التأريخية أو الأماكن الدينية أو المناظر الطبيعية، أو الرياضة، أو العلاج الصحي، أو أي موضوع آخر مماثل.

عاشراً: **المنطقة السياحية**: أي مكان يصلح للغرض السياحي سواء أكان طبيعياً أم اصطناعياً، ملكاً عاماً أم خاصاً أم مختلطاً.

حادي عشر: **المؤسسة السياحية**: تشمل الشركات والمكاتب والوكالات السياحية التي تنظم السفرات أو تدير الخدمات والنشاطات السياحية، سواءً أكانت عامة أم خاصة أم مختلطة.

ثاني عشر: **السائح**: شخص طبيعي، مواطن أو أجنبي، ينتقل من محل إقامته إلى منطقة سياحية لمدة محددة ولغرض سياحي.

ثالث عشر: **المشروع السياحي**: أي مشروع في مجال السياحة يقام من قبل شخص طبيعي أو معنوي، عام أو خاص أو مختلط.

رابع عشر: **الاستثمار السياحي**: استثمار رأس المال البشري والمالي من قبل شخص طبيعي أو معنوي لإقامة وتطوير القطاع السياحي في الإقليم.

خامس عشر: **النشاط السياحي**: يشمل النشاطات التي تقام في المناطق السياحية من قبل المؤسسات السياحية أو من قبل مجموعات وأشخاص آخرين.

سادس عشر: **المرشد السياحي**: الشخص المجاز من قبل الهيئة ويتولى مهمة إرشاد السياح.

المادة (٢) :

يهدف هذا القانون إلى ما يأتي:-

أولاً: تنظيم القطاع السياحي في الإقليم بما يجسد دوره الاقتصادي والحيوي والثقافي البيئي في الحاضر والمستقبل.

ثانياً: تطوير القطاع السياحي، والعمل على جذب انتباه السياح بالتنسيق مع الجهات الثقافية والتراثية والموسوعية ذات العلاقة، وتعزيز دور القطاع العام والخاص والمختلط وتشجيع رؤوس الأموال الوطنية والأجنبية على الاستثمار في القطاع السياحي.

ثالثاً: تنظيم التنسيق والعمل التكاملي بين المؤسسات الحكومية وغير الحكومية الداخلية والخارجية ذات العلاقة لغرض تطوير القطاع السياحي في الإقليم.

المادة (٣) :

أولاً: لتحقيق أهداف هذا القانون تتولى هيئة السياحة المهام والصلاحيات الآتية:-

١- وضع الخطط الاستراتيجية وبرامج العمل السنوية الخاصة بالسياحة وتنمية المناطق السياحية وتنفيذها، بعد مصادقة الوزارة عليها.

٢- وضع المواصفات والشروط الفنية والمعمارية الحديثة وضمان مراعاتها في المشاريع السياحية، وإعداد نظام تصنيف المؤسسات والمشاريع السياحية وفقاً للمعايير الدولية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٣- منح إجازة عمل الأماكن والمؤسسات السياحية بموجب القوانين والتعليمات النافذة بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٤- إعطاء عدم الممانعة لإقامة المشاريع السياحية بموجب قانون الاستثمار النافذ في الإقليم ومنح إجازة إقامة المشاريع الصغيرة في مجال السياحة التي لا تعد مشاريع استثمارية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٥- مراقبة وتفتيش الأماكن السياحية وتوجيهها نحو تحسين جودة الخدمات السياحية وتطوير النشاطات السياحية في القطاع العام والخاص والمختلط.

٦- رفض الاستثمار في الأماكن السياحية التي تمتلك أسس جذب السياح لأي مجال آخر غير مشاريع المجال السياحي.

٧- إقرار وضع النشاطات السياحية للإقليم كعلامة (براند) داخلية وتنظيم المهرجانات السياحية الدولية، بموجب تعليمات تصدرها الوزارة بناءً على اقتراح الهيئة.
٨- نشر الثقافة السياحية وإعداد الدليل السياحي الورقي والإلكتروني في شكل (تطبيق) خاص بالأماكن والمشاريع السياحية للإقليم.
٩- تأسيس مراكز متخصصة وتشجيع واقتراح فتح المعاهد والمراكز لتدريب منتسبي المجال السياحي في القطاع العام والخاص والمختلط.
١٠-المشاركة في نشاطات المنظمات السياحية العالمية المختصة والمؤتمرات والمناسبات والمعارض الدولية الخاصة بالنشاط السياحي بعد موافقة الوزارة.
١١- تأسيس مكاتب المعلومات والتنمية السياحية في المطارات والمنافذ الحدودية والأماكن اللازمة الأخرى بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة، واستخدام أساليب الدعاية المتنوعة لغرض التعريف بالأماكن السياحية.
١٢- إعداد واقتراح مسودة التعليمات الخاصة بالقطاع السياحي في الإقليم.
١٣- العمل على إيصال الخدمات اللازمة إلى الأماكن والمناطق السياحية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.
١٤- أي مهام أخرى واردة في هذا القانون والقوانين الأخرى النافذة في الإقليم تتعلق بتنشيط وتطوير القطاع السياحي.

ثانياً: يحدد توزيع وتصنيف المهام والصلاحيات المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة بتعليمات يصدرها الوزير استناداً إلى هذا القانون وقانون وزارة البلديات والسياحة النافذ في الإقليم.

المادة (٤):

أولاً: لمجلس الوزراء بناءً على اقتراح الوزارة تأسيس شركات عامة أو مختلطة في المجال السياحي بموجب القوانين النافذة في الإقليم.

ثانياً: تتمتع الشركات المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة بالاستقلال المالي والإداري، وتنظم تشكيلاتها ومهامها واختصاصاتها بنظام يصدره مجلس الوزراء لهذا الغرض.

المادة (٥):

أولاً: ينظم التصنيف المختص بالمؤسسات السياحية وشروط الإجازة السياحية والتنازل عن الإجازة بتعليمات تصدرها الوزارة لهذا الغرض بناءً على اقتراح الهيئة.

ثانياً: تمارس المؤسسة السياحية أعمالها ونشاطاتها بناءً على إجازة الهيئة.

ثالثاً:

١- يقدم طلب الحصول على إجازة عمل المؤسسة السياحية إلى المديريات العامة للسياحة في المحافظات والإدارات المستقلة.
٢- مدة الإجازة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة، (٢) سنتان قابلتان للتجديد.

رابعاً: لا يجوز التنازل عن إجازة مؤسسة سياحية إلى مؤسسة أخرى إلا بموافقة الهيئة.

المادة (٦): تلتزم المؤسسة السياحية بما يأتي:-

أولاً: ممارسة نشاطاتها حسب الاختصاص المحدد في إجازتها.

ثانياً: تزويد الهيئة بالمعلومات عن طريق المديريات العامة حول خططها وبرامجها السياحية قبل تنفيذها.

ثالثاً: تزويد الهيئة بمعلومات حول السياح وأي معلومات أخرى تتعلق بالسياحة عن طريق المديريات العامة إذا طلبتها الهيئة كتابياً.

رابعاً: تقديم التسهيلات لأغراض المراقبة والتفتيش.

خامساً: تشغيل الأيدي العاملة الداخلية بنسبة لا تقل عن (٧٥%) خمس وسبعين من المائة، عدا المشاريع التي تحتاج إلى تخصصات خاصة وأيدي عاملة خبيرة شريطة عدم توافرها في إقليم كوردستان.

سادساً: أي التزامات أخرى تنظم بتعليمات أو تضيفها الهيئة في العقد المبرم بينهما.

المادة (٧):

أولاً: تؤسس المناطق السياحية الاصطناعية والمرافق المقامة على المناطق السياحية الطبيعية بإجازة الهيئة، وتحدد شروط إجازة الأماكن السياحية بتعليمات تصدرها الوزارة بناءً على اقتراح الهيئة.

ثانياً: يقدم طلب الحصول على إجازة تأسيس الأماكن السياحية إلى المديرية العامة.

ثالثاً: تلتزم الأماكن السياحية بتقديم التسهيلات لأغراض المراقبة والتفتيش.

المادة (٨):

أولاً: تكون ممارسة عمل المرشد السياحي بإجازة من المديريات العامة لهيئة السياحة، وتحدد شروط الإجازة بتعليمات تصدرها الوزارة بناءً على اقتراح الهيئة.

ثانياً: يلتزم المرشد السياحي بما يأتي:-

١- ممارسة العمل الإرشادي وفقاً للشروط والإجراءات الواردة في إجازته.

٢- تطبيق القواعد المهنية للعمل الإرشادي.

٣- أية التزامات أخرى تنظم بتعليمات.

المادة (٩):

أولاً: حقوق وواجبات السائح مصانة بموجب القوانين النافذة في الإقليم والاتفاقيات الدولية المصادق عليها.

ثانياً: تتخذ الهيئة التدابير لضمان حقوق السائح قبل المؤسسات والأماكن السياحية.

ثالثاً: إذا أجري نوع النشاط السياحي ذاته من قبل أكثر من مؤسسة سياحية، تكون جميعها مسؤولة تضامنياً عن تعويض أي خطأ أو مخالفة ناتجة عن العمل المشترك لهذه المؤسسات تؤدي إلى الإضرار بالسائح.

المادة (١٠):

أولاً: تمنح النظر في الدعاوى المدنية في مجال السياحة والفصل فيها من قبل المحاكم صفة الاستعجال.

ثانياً: تؤسس شعبة شرطة السياحة في المناطق السياحية التي تضم مركزاً للشرطة، مهمتها حماية السياح والمناطق السياحية.

المادة (١١):

تعاقب المؤسسة السياحية بالإغلاق المؤقت وبغرامة لا تقل عن (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار إذا خالفت أحكام الفقرة (ثانياً) من المادة (٥) والمادة (٦) من هذا القانون، أو قدمت للهيئة معلومات ووثائق غير صحيحة لغرض الحصول على الإجازة.

المادة (١٢):

أولاً: تعاقب المؤسسة السياحية بغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا تزيد على (٢٠٠,٠٠٠) مائتي ألف دينار عن كل يوم تأخير عن تجديد إجازة العمل.

ثانياً: فضلاً عن فرض العقوبة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة، إذا مضت مدة تزيد على (٦٠) ستين يوماً على عدم تجديد إجازة المؤسسة السياحية دون عذر مشروع بعد إنذارها يؤجل تجديد إجازتها لمدة (٣) ثلاثة أشهر، وعند الاستمرار على عدم الالتزام تؤجل إجازتها لمدة لا تقل عن (١) سنة واحدة، ولا يسمح لها بالعمل خلال هذه الفترة.

المادة (١٣):

تعاقب بغرامة لا تقل عن (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار كل من المؤسسة المتنازلة والمؤسسة المتنازلة لها إذا تم التنازل بينهما خلافاً للفقرة (رابعاً) من المادة (٥) من هذا القانون.

المادة (١٤):

تعاقب المنطقة السياحية بالإغلاق المؤقت لمدة لا تزيد على (٣٠) ثلاثين يوماً وبغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار إذا خالفت أحكام الفقرتين (أولاً) و(ثالثاً) من المادة (٧) من هذا القانون أو قدمت للهيئة معلومات ووثائق غير صحيحة لغرض الحصول على الإجازة.

المادة (١٥):

أولاً: يعاقب المرشد السياحي بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار إذا خالف حكم الفقرة (أولاً) من المادة (٨) من هذا القانون أو قدم للهيئة معلومات ووثائق غير صحيحة لغرض الحصول على الإجازة.

ثانياً: يعاقب المرشد السياحي بغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا تزيد على (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار عن كل مخالفة للالتزامات الواردة في الفقرة (ثانياً) من المادة (٨) من هذا القانون.

المادة (١٦):

أولاً: يضاعف مبلغ الغرامة عند تكرار المخالفات الواردة في المواد (١١) و(١٣) و(١٤) و(١٥) من هذا القانون.

ثانياً: إذا استمر المخالف على المخالفات الواردة في المواد المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة، توقف إجازته لمدة مؤقتة أو تلغى.

المادة (١٧):

أولاً: يتمتع رئيس الهيئة أو من يخوله سلطة فرض العقوبات الواردة في هذا القانون استناداً إلى توصية لجنة تشكلها الهيئة أو المديرية العامة لهذا الغرض.

ثانياً: تخضع قرارات فرض العقوبات بموجب أحكام هذا القانون للطعن أمام المحكمة الإدارية بموجب أحكام قانون مجلس الشورى النافذ في الإقليم خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغها.

المادة (١٨):

لا يحول فرض العقوبات الواردة في هذا القانون دون فرض أي عقوبات أخرى واردة في قانون العقوبات النافذ في الإقليم.

المادة (١٩):

أولاً: يحدد مقدار رسم منح وتجديد إجازة ممارسة عمل المؤسسات والأماكن السياحية والمرشد السياحي بنظام يصدره مجلس الوزراء.

ثانياً: تخصص نسبة (٣٠%) ثلاثين من المائة من مقدار الواردات المتحصلة بموجب الفقرة (أولاً) من هذه المادة لأغراض تطوير القطاع السياحي.

المادة (٢٠):

تحدد شروط ومواصفات وتخصصات الأماكن السياحية المشمولة بأحكام هذا القانون بتعليمات من قبل الوزارة.

المادة (٢١):

أولاً: يتم إطفاء الأراضي الزراعية للمشاريع السياحية في ضوء القوانين النافذة في الإقليم بعد عدم ممانعة وزارة الزراعة والموارد المائية لغرض تنفيذ المشاريع السياحية.

ثانياً: باستثناء الأراضي الزراعية، للوزارة بالتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة تخصيص أية أرض أخرى لأغراض تنفيذ المشاريع السياحية.

المادة (٢٢):

أولاً: لمالك الأرض المملوكة ملكاً صرفاً إقامة المشاريع السياحية بموافقة الهيئة بموجب أحكام هذا القانون مع مراعاة الموقع الجغرافي وفي إطار سياسة تنمية القطاع السياحي في الإقليم.

ثانياً: لصاحب حق التصرف في الأراضي المملوكة للدولة واستثناءً من أحكام القانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٨، إقامة مشروع سياحي على مساحة لا تتجاوز (٢٠%) عشرين من المائة من مجمل مساحة الأرض بناء على طلبه واقتراح الهيئة بعد عدم ممانعة وزارة الزراعة والموارد المائية وموافقة مجلس الوزراء، مقابل أجرة يحدد مقدارها بتعليمات من قبل وزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزير.

ثالثاً: لصاحب حق التصرف في الأرض التي تقل مساحتها عن (٥) خمسة دونمات تحويل نسبة (٥٠%) خمسين من المائة من مساحة الأرض إلى مشروع سياحي بالشروط والإجراءات ذاتها الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة شريطة التزامه بالحفاظ على المحميات الطبيعية والالتزامات البيئية.

المادة (٢٣):

أولاً: للهيئة إيجار الأراضي المخصصة للأغراض السياحية للمشاريع السياحية حصراً.

ثانياً:

١- تحتسب مدة عقد إيجار الأرض والمشروع السياحي، والمحددة مسبقاً عن طريق الجهات ذات العلاقة، اعتباراً من اليوم التالي لإكمال أو ترميم المشروع، وتستوفى أجرة مدة إكمال المشروع على الأرض.

٢- إذا تنازل صاحب المشروع عن مشروعه أو لم يرغب في تجديد عقده، يتم إيجاره بالإيجار العلني.

٣-

أ- فيما عدا عقود المساطحة، يجوز تمديد عقود إيجار الأماكن والمشاريع السياحية التي تقل مدتها عن (١٥) خمس عشرة سنة من قبل الهيئة لمرة واحدة، شريطة أن لا تتجاوز المدة الأصلية والمدة الممددة معاً (١٥) خمس عشرة سنة، وإعادة تقدير البدل الحقيقي بموجب الإجراءات الواردة في القانون رقم (١) لسنة ٢٠٢١.

ب- تحدد مدة ومقدار البدل وشروط التمديد بناءً على اقتراح الهيئة وبموافقة الوزير.

المادة (٢٤):

أولاً:

١- تنظر الهيئة عن طريق لجنة تحدد تشكيلها بتعليمات تصدرها الوزارة لهذا الغرض، في طلب المستأجر الذي يستثمر سياحياً على أموال الدولة بعقد في المناطق النامية ولا تحقق مشروعه ما صرف عليه ويطلب إعفائه من الأجرة.

٢- إذا توصلت اللجنة بعد التقييم إلى أن الطلب يتضمن شرط الإعفاء، تقوم باقتراح الإعفاء من الأجرة إلى الوزير.

٣- يقرر الوزير الإعفاء لمدة محددة فقط لا تزيد على سنتين لتحقيق المصلحة العامة والتنمية السياحية في المناطق النامية.

ثانياً: للهيئة بعد موافقة الوزارة تمديد مدة عقود المشاريع السياحية المأجورة في القرى، إذا لم يتحقق رأسمال المشروع خلال مدة الإيجار بعد تنفيذ نسبة (١٠٠%) مائة من المائة من المشروع وفقاً لدراسة الجدوى الاقتصادية.

المادة (٢٥):

أولاً: يحق للشخص الذي يخصص له أرض ببدل، بيع المشروع أو المكان السياحي المقام عليها بعد إكماله بنسبة (١٠٠%) مائة من المائة بدون الأرض إلى الغير بموافقة الهيئة وبشرط زيادة نسبة (٢٠%) عشرين من المائة من الأجرة السنوية للأرض.

ثانياً: لأصحاب المشاريع السياحية الذين أكملوا في الأقل (٥١%) إحدى وخمسين من المائة من مشاريعهم إدخال شريك معهم لغرض إكمال المشروع.

المادة (٢٦): يصدر الوزير بناءً على اقتراح الهيئة تعليمات لتنظيم ما يأتي:-

أولاً: مراقبة وتفتيش المؤسسات السياحية.

ثانياً: فتح المعاهد والمراكز الخاصة بالتدريب السياحي في القطاع العام والخاص والمختلط.

ثالثاً: منح إجازة المشاريع السياحية بموجب نظام توزيع الوقت بالتعاون مع وزارة المالية والاقتصاد.

رابعاً: إعداد الدليل السياحي.

خامساً: تحديد أوقات بدء وانتهاء الفعاليات والنشاطات السياحية في الأماكن السياحية.

المادة (٢٧):

أولاً: تكون المشاريع والمؤسسات السياحية التي تقع ضمن تصنيف الاستثمار السياحي مشمولة بالإعفاءات المقررة لمشاريع الاستثمار بموجب القوانين النافذة في الإقليم.

ثانياً: لا تشمل الإعفاءات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة الرسومات الخاصة بممارسة المهنة.

المادة (٢٨):

تسجل أسهم شركة (ئينشكێ) المساهمة المختلطة البالغة (٤٩%) تسعاً وأربعين من المائة من رأسمال الشركة والمسجلة باسم وزارة المالية العراقية، باسم الوزارة دون بدل وتعفى نقل التسجيل من الضرائب والرسومات.

المادة (٢٩):

يصدر الوزير، بنفسه أو بناءً على اقتراح الهيئة، التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (٣٠):

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (٣١):

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة (٣٢):

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الأسباب الموجبة

مع الأخذ بنظر الاعتبار أهمية السياحة في تنويع مصادر الواردات في الإقليم، وما لها من أبعاد في تعريف الهوية الحضارية والتراثية والثقافية والمكتسبات المعمارية لشعب كوردستان، وللتأكيد على أهمية التخطيط والعمل على تطبيق استراتيجية واضحة لتفعيل قطاع السياحة ومساهمتها في التنمية الاقتصادية الوطنية، شرع هذا القانون.

نيچيرڤان بارزانى
رئيس إقليم كوردستان

أربيل
٢٠٢٢/٨/٤

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

قرار رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٢

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٠) بتاريخ ٢٠٢٢\٦\٢٩، قررنا إصدار:

القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٢
قانون التعديل الأول لقانون النفط والغاز لإقليم كوردستان - العراق
رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧

المادة (١)

تعدل المادة (الرابعة) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

المادة الرابعة:

أولاً: يشكل المجلس الإقليمي على الوجه الآتي:-

١- رئيس مجلس الوزراء - رئيساً.

٢- نائب رئيس مجلس الوزراء - نائباً للرئيس.

٣- وزير الثروات الطبيعية - عضواً.

٤- وزير المالية والاقتصاد - عضواً.

٥- وزير التخطيط - عضواً.

٦- رئيس ديوان مجلس الوزراء - عضواً.

ثانياً: يجتمع المجلس الإقليمي بحضور أغلبية أعضائه، ويصدر قراراته بأكثرية أصوات الحاضرين، وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

المادة (٢): على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (٣): لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة (٤): ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الأسباب الموجبة

بغية إعادة تنظيم تشكيل المجلس الإقليمي للنفط والغاز في إقليم كوردستان - العراق، وتحديد آلية انعقاده والتصويت فيه، شرع هذا القانون.

نيچيرڤان بارزانى
رئيس إقليم كوردستان

أربيل
٢٠٢٢/٨/٩